# ناسیونالیزمی عەرەبی تائێستا
# سیاسەت بەگەزی فتوحاتی ئیسلام دەپێوێ!

**کەمال ڕەئوف**

پرۆژەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ ناوچە, کورد, شیعەو سونە, کە بەم دوایانە وەك پرۆژەیەك بۆ چارەسەر کردنی هەلومەرجی ئێستای عێراق لەلایەن هەندێك سیاسەتمەداری ئەمریکاوە خراوەتە ڕوو, هەر چەندە لە ئێستادا ئەو هەوڵە وەك پرۆژەیەکی زۆر جدی دەرناکەوێت و هێشتا نەبوەتە بریار, بەلاّم ئەو پرۆژەیە هەر لەگەڵ سەردەرهێنانیدا ناسیونالیزمی عەرەبی تەنگەتاو کردوەو لەبەرانبەریدا کەوتنە هەلاّو هاوار ولەدژی هەلۆێستیان گرتوە, ڕۆحی ناسیۆنالیستی تەسك بین و نەتەوە پەرستی جا ئیتر کوردی بێت یان عەرەبی و تورکی, هێندە ناشرین و تەنگە نەفەسە لەبەرانبەر ئەوی دیدا هەرگیز چاوی ناتوانێت دنیای واقیع وهەلومەرجی سەردەم و پێشکەوتنەکانی ببینێتەوەو بەردەوام دەکەوێتە ڕەتکردنەوەی هەر پێشنیارێك, هەرپرۆژەیەك, گەر هات و لەپێش هەموو کەسەوە بەرژەوەندیە تایبەت وچاوچنۆکیەکانی خۆی تیادا نەبینێتەوە, ناسیونالیزمی نەتەوەپەرست هەمیشە خولیای ڕەتکردنەوەی زیاترە تاکو لەوەی پرۆژەی پێشکەش کراوی بۆچارەسەرکردنی کێشەکان هەبێت, ئەو مەیل و خولیاسیاسیە هەرچەندە گوتارو دروشمەکانی بەناوی ئازادی و سەربەستی نەتەوەو داکۆکی کردن لەخەڵکەوەیە, کەچی لە کرداردا کەمتر کاری بە پرۆژەو بەرنامەیەکەوە هەیە کەمافی چارەنوس بۆنەتەوەکان بسەلمێنێ و ئازادی بۆنەتەوەکەی خۆشی دەستەبەر بکات, بۆیە هەر پرۆژەو هەوڵێك کەدەم لە یەکسانی نەتەوەکان و عەدالەتخوازی ناو کۆمەڵ بکات, ئەوبێ سێ و دوو ڕەتی دەکاتەوە. ناسیونالیزمی تەسکبین هەمیشە دەیەوێت سواری ئەسپی ئیحساساتی ڕەوایەتی مافی نەتەوایەتی بێت و لەوێوە مەرامە سیاسیەکانی خۆی بەدەست بهێنێ, ئەو هەمیشە لەچاویلکەی سیاسی و بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە دەروانێتە مرۆڤ, هەر بۆیە مرۆڤ لای ئەو ئامانج نییە, هەمیشە لەگشتیەتدا قەسەدەکات و ناتوانێت بچێتە ناو وردەکاریەکانی ژیانەوە, هەر ئەوەشە وادەکات هەمیشە ناسیونالیزم لەبەرانبەر کێشەو ڕوداوەکاندا جگە لەچەند دەربرینێکی وشك و بێ مانا هیچ گوتارێکی سیاسی و ڕۆشنی دیاریکراوی نەبێ و هەمیشە بۆچارەسەرکردنی عادیلانەی کێشەکان لەهەموو لایەك دەست و پێی کورتربێ, بەکورتی ئەم جۆرە ناسیونالیزمە ناتوانێت بچێتە سەر پایەیی جێبەجێ کردن و قبولکردنی مافی چارەی خۆنوسین و ئەو خواستە وەك داوەیەکی ڕەوای نەتەوەکان ناسەلمێنێت و ناشتوانێت بەکردەوە دان بەئازادی و سەر بەخۆی نەتەوەکەی خۆیدا بنێت.

ئەوەی سەرەوە گەر بێت و بکرێتە پێناسەیەکی کورتی ناسیونالیزم و نەتەوەپەرستی بەگشتی, ئەوا لەسەر ناسیونالیزمی عەرەبی دەبێت لەوبارەوە قسەیەکی زیاتر بکەین, چنکە ڕەنگە ناسیونالیزمی عەرەبی لە مودێلە هەر خراپ و قڵبەکانی دنیای ناسیونالیستی بێت و تارادەیەك خاوەن فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆی بێت, ئەمەش بەو بەلگەیەی کە ناسیونالیزمی عەرەبی هەر لەسەرتای سەرهەڵدانیەوە خۆی بارگاوی کردوە بە ئاینەوەو وەك ماری دووسەر دەتوانێت دوجار زەهر بڕێژێت و لەدوولاوە شەڕی بەرانبەرەکەی بکات, ئەم ناسیونالیزمە کە بەدرێژای دەسەلاّتداریێتی خۆی لە هەیوانی ئاین و نەتەوەدا تەراتێن کردوە و خۆی ئاوێزانی ئاین کردوەو ئیلهامی لەو بۆچوونانە وەرگرتوە کەلای وایە, نەتەوەکەی هەڵبژێردراوی خواهانەیە و پەیامبەرەکەی لەهەموو نوێنەرەکانی تری خوا خۆشەویسترو نازدارترە و زمانی نەتەوەکەی زمانی خودایە, زمانی ئاخرین ئاین و پەیامبەرەو تاکە زمانە بۆ نزیك بونەو گفتوگۆکردن لەگەڵ خودا دا, زمانی لەیەك تێگەیشتنی ئێستاو ئایندەیە. لێرەوەیە کە ناسیونالیزمی عەرەبی دەتوانێت خۆی خۆشخەیاڵ بکات بەوەی کە دەتوانێت دەستی بگات بە فەلسەفەیەك کەبێ کۆتاو بڕانەوەیەو بۆهەتا هەتایە. گوتاری سیاسی ناسیونالیزمی عەرەبی کە زیاتر لەنیو سەدە پروپاگەندەیان بۆ یەکێتی و ئازادی وسوسیالیستی کرد, بەلاّم لەئاکامدا لەڕووی کردارەوە هیچ یەکێك لەو دروشمانەیان بۆ نەهاتەدی و بەپێچەوانەوە ناسیونالیزمی عەرەبی بوە مایەی ماڵ خرابوون و تێکشکاندنی گیانی عروبە لەناو تاکی عەرەبیدا, ئەم ناسیونالیزمە کە سەرەتا ویستی بەسواربوونی شەپۆلی عروبە ببێتە هێزو هەنگاو هەڵگرێ, لەوێدا پاشەکشەی کرد , کەنەی توانی ببێتە دەنگی هەموو تاکێکی عەرەبی غەیرە ئیسلامی.

ئاشکرایە لەناو نەتەوەی عەرەبدا جگە لەئاینی ئیسلام چەندین ئاینی تریش هەیە , بەلاّم هەڵەی کوشندەی نەتەوەپەرستی و ناسیونالیزمی عەرەبی لەوێوە دەستی پێکرد کە نەیان توانی سود لە کرانەوەو ڕۆشنبیری و دەنگی جیاوازی ئاینەکانی تری غەیری ئسلام ببینن و خۆیان کردە پاشکۆ بە ئاینی ئیسلامەوە, هەر بۆیە ئەم مەیلە بەجۆرێك لەجۆرەکان تایبەتمەندی خۆی هەیەو هەمیشە لەدەورنیا دنیایەك بوغزو کینەی لەسەر بەرانبەرەکەی هەڵگرتوە و گەر دەستی بڕوات یان بەشمشێری ئاین سەری نەیارەکەی دەپەرێنێت, یان بەپەتی نەتەوەپەرستیەکەی دەیخنکێنێ, بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەك یاری کردن بەئاگروایەو ناتوانێت لە دوو ڕێگا زیاتر شك بەرێ بۆنەیارەکانی , ئەویش ئەوەیە لایەنی بەرانبەر یان دەبێ ڕازی بێت بە فەنا بوون تا ئاستی تیاچوونی یەکجاری و دیارنەمانی ئاسەوار, یان دەبێت تاهەتایە کۆیلەیەتی قبوڵ بکات. ئەم ناسیونالیزمە کە ئێستا تەواو پیر بووە و

لەژێر گۆرانکاریەکاندا پشتی چەماوەتەوە کەچی هێشتا وازی لەگیانی رەتکردنەوەی پرۆژەکانی بەرانبەر نەهێناوە و نەیتوانیوە ئەزمونی کێشەی فەلەستین بکاتە ئەزمونێکی زیندوی خۆی, ئێستا ئەوەی کە فەلەستینیەکان خەباتی بۆ دەکەن و داوای دەکەن , سالأنێك بەر لەئێستا ئیسرائیل زۆر لەوەی بەزیادەوە دەخستە بەردەمیان و ئەمان رەتیان دەکردەوە, هەر بۆیە زۆرمان نەوتوە گەر بلێین ئەم میلە لەژیانی سیاسی و کۆمەلأیەتی خۆیدا, نەلە رابردویدا خاوەن ئەزمونێکی جوان بوە و نەلەئێستاشدا هیچ سیناریۆیەکی پێیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەموو گرفتانەی کە لە پاشماوەی دەسەلأتدارێتی و بالأدەستی خۆیدا بەرهەمی هێناون.

ڕەتکردنەوەی پرۆژەی جیاکردنەوەی عێراق بۆ سێ هەرێم, لەژێر بیانوی ئەوەی کە گوایە ئەمە پێشێلکاری سەروەریی نەتەوەیەو دەستێوەردان و لەتکردنی خاکی نەتەوەیە, نوزەیەکی تری تێکشکاوی ئەو مەیلەیەو لێرەوە دەیەوێت لەسوچێکی تری ئەم دنیایەوە خۆیمان نیشان بداتەوە, ئەو دەیەوێت چاوی خۆی لەو هەموو ڕاستیە بنوقێنێت کە چیتر نەسەردەمی فتوحاتەو نەسەردەمی پاوانخوازی دەسەلأتی عەرەبی, چونکە ئەزمەو گرفتەکانی ئاینی ئیسلام ودەسەلأتدرێتی عەرەبی نەك هەر بە کەلکی نەتەوەو ئاینەکانی تر نەهات و نەیتوانی مانای پێکەوە ژیانێکی ئارەزوومەندانە بخولقێنێ, بەلکە بەکەلکی تاکی ئەکتیفی نەتەوەی عەرەب خۆشی نەهات و بوە مایەی لەبەر یەك هەلۆەشانەوەو دارزانی گیانی عروبایەتیان, ناسیونالیزمی عەرەبی گەر بیەوێت هەناسەیەك بەبەر خۆیدا بکاتەوەو روحێکی سەردەمیانە بپۆشێت, دەبێت لەوخالە تێبگات, کە چیتر سەردەمێك هاتۆتە گۆر کە ناکرێت ئەو پاشاگەردانیەی بەسەر ناوچەکەیاندا هێناوە درێژە پێبدرێت و دەکرێت ئەو مافانە بگێرێتەوە بۆ خاوەنەکانیان کە سەردەمانێك لەمەو پێش بە زۆری هێزو بە قەلەمرەوی بەناوی ئیسلام و نەتەوەی خواوە داگیرکراون, دەبێت ئەوە قبولّ بکەن و تامی ئەو تالّیە بکەن, کە ڕەنگە ئەم پرۆژە تازەیە سەرەتایەك بێت ,یاخود رەنگە وەرچەرخانێك بێت بۆ پشت کردنە ئەو مێژووەی کە ناسیونالیزمی عەرەبی تاکوئێستا شانازی بەخوێناوی بونەکەیەوە دەکەن. ئەم پرۆژەیە بەهەموو کەموو کوڕیەکانیەوە هەولێکە بۆ تەریك کردنەوە و کەمکردنەوەی دەسەلأتی ناسیونالیزمی عەرەبی و زراندنی خەونی پاوانخوازی ئاینی بەسەر ئەو نەتەوەو ئاینە غەیرە عەرەبی و ئیسلامیانەی کە ئێستا لە ژێر رەحمەتی ئەواندا دەژین.